# چیرۆکی "لە خەوما" ی جەمیل سائیب

کاوە جەلال

## 1

چیرۆکی "لە خەوما"ی جەمیل سائیب لەبارەی پیاوێکە، کە خەونێکی ناخۆش دەبینێت: لە خەونیدا هەژار دەکەوێت، ئەوەش ناچاری دەکات بڕوات بۆ وڵاتێکی دی، تاکو لەوێ کارێک بدۆزێتەوە و خێزانەکەی لە مەینەتی ڕزگار بکات، لێ کاتێک بە پایتەختی ئەو وڵاتە دەگات، دەبێت بە شایەتی بەزمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تاڵ.

هەژار لەتەک کاروانێکدا دەکەوێتە ڕێ و دوای ئەوەی کاروان پێ دەنێتە نێو سنووری ئەو وڵاتەوە، تووشی تەگەرەی کوشندە دەبێت: جەردە ڕێی پێدەگرێت، لێ لەبەر ئەوەی کاروانچییەکان چەکدارن و بەرگری لە خۆیان دەکەن، ئەوا جەردەکان ناتوانن زەفەریان پێبەرن. کاتێک کاروان دەگاتە کەنار شاری مەبەست، پاسەوانانی شار داوا لە کاروانچیەکان دەکەن پارەیان بدەنێ، لێ لەبەرئەوەی کابرای هەژار پارەی پێنابێت تاکو ئەویش وەک ئەوانی دی "سەری خۆی بقەبڵێنێت"، ئەوا پاسەوانان تۆمەتی جاسووسیی دەدەنە پاڵ. سەرەنجام پاسەوانەکان لەسەر تکای پیرەمێردێکی کاروانچی ڕێ بە هەژار دەدەن لەتەک کاروانچییەکاندا بڕوات لە خانێک بنوێت، هەروەها پیرەمێرد گفتیان پێدەدات، کە هەژار لەو خانە دەمێنێتەوە و ڕۆژی داهاتوو دەتوانن بێن بۆ لای بەشکم "شتێکی لێ هەڵبکرێنن".

کابرای هەژار بەم شێوەیە بە وڵاتی مەبەست دەگات. هەژار لە خانەکە، لە سووچێکی ئۆدەیەکدا شەکەت و برسی لەسەر تاجەواڵێکی کاروانچییەکان بە چیچکانەوە سەر دەنێتە سەر ئەژنۆی، لێ دەنگی گریان و کڕوزانەوە لە ماڵێکی دراوسێی خانەکەوە خەوی لێ دەزڕێنن. هەژار دەیەوێت بزانێت هۆی ئەو شیوەن و گریانە چییە، بۆ ئەو مەبەستەش دەچێتە دەرەوە و لە خانچییەکە دەپرسێت، لێ کابرای خانچی زۆر بە ساردی وەڵامی دەداتەوە: "ئەوە هیچێکی وا نیە ئەو ژن و منداڵانە مێرد و باوکیان کوژراوە" (لا 35). هەژاری غەریب شتی وای نەبینیوە و نەبیستووە، لێ ڕەوشی بەو چەشنە لەو وڵاتەدا دیاردەیەکی ئاساییە، هەر بۆیە کابرای خانچی کوشتنی مرۆڤ بە شتێکی ئاسایی دەزانێت. ئاخر، وەک ئەو دەبێژێت، "شەو و ڕۆژی سەد شتی وا لێرە ئەقەومێ" (لا 36).

کەمێک پاش ئەو ڕووداوە کابرای هەژار هەوڵ دەدات بنوێت، لێ هەست دەکات خەوی لێ زڕاوە. هێندە ناخایەنێت سەرلەنوێ لەو دیو خانەکەوە تەقەی تفەنگ و هەرا و زەنا، شیوەن و گریانی ژن و منداڵ دەستپێدەکەنەوە. کابرای هەژار ئەم جارەش خۆی پێ ناگیرێت و لە خانچییەکە دەپرسێت، داخۆ ئەم جارە چی قەومابێت، لێ خانچی ئەم جارە تووڕە دەبێت: "چوزانم پیاو ئەگەر من بۆ ئەمانە جوابی تۆ بدەمەوە ئەبێ خەریکی هیچی تر نەبم هەر جوابت بدەمەوە، شەو و ڕۆژی سەد شتی وا لێرە ئەقەومێ، وتم ئاخر خاڵۆ تۆ عاجز مەبە انسان لەمانە دڵی ئەبێ بە ئاو، چۆن ناپرسێ، وتی ئاخر تۆ شتی وات نەدیوە بۆیە وا بۆ هەموو شتێک ئەپرسی، هێشتا ڕانەهاتوویت، ئەوە ساحێبی ئەم ماڵە نازانم لەسەر جاسوسی و ماسوسی

گیراوە و فەلاقەیەکی زۆر کراوە و لە پاشان داوای جەزایەکی زۆریان لێ کردووە، ئەویش پارەی نەبووە بیدا ماڵەکەیان فرۆشتوە، ئەویش بەشی جەزاکەی نەکرد، ئێستاش هەروا حەپسە، کەچی ئەوا فەقیرە دز هاتۆتە سەر ماڵەکەشی، ئەو تۆزە پڕ و پیتەشیان کە ماوە هەڵبەت بردوویانە، وا تفەنگیشیان پێوە ئەنێن، ئێستا منداڵێکیشی نەکوژرا بێت هەر چاکە. وتم ئەرێ ئەم هەموو جاسوسە چیە لێرە هەیە؟ کابرای خانچی سەرێکی لێ لەقاندم و سەیرێکی فصالی کردم و تۆزێک پێکەنی و وتی: ئای باوکم ئەمە نەخۆشیەکە هەموو کەس ئەبێ بیگرێ، تۆ غەریبی هێشتا ئەمەت نەدیوە، بەڵام چاوت نەفرێ تۆش ئەیبینی..." (لا 36).

هەژاری غەریب ئەوها یەکەم شەوی لە پایتەختی ئەو وڵاتە بەسەر دەبات. بەرەبەیان سێ تفەنگبەشان لە پاسەوانانی ئێوارەی ڕابوردوو خۆیان بە خانەکەدا دەکەن و دەپرسن: "... کوانێ کابرای جاسووسەکە". پیرەمێردە کاروانچییەکە سەرلەنوێ بۆی دەپاڕێتەوە، کاروانچییەکانی دیکەش بۆی تێدەکەون، لێ هەوڵەکانیان بێسوودن. چەکدارەکان بە قۆناغە تفەنگ هەڵی دەستێنن و وەک جاسووسێکی دیلکراو پێش خۆیانی دەدەن. کابرای هەژار بانگەوازی "ڕەحم و موسڵمانەتی"یان دەکات، لێ ئەم جۆرە وشانە بە مێشکی ئەواندا ناچن. ئێستا کابرای هەژار لەنێو کۆڵانەکان و بازاڕدا ژیانی خەڵکانی ئەو وڵاتە نزیکتر دەبینێت: هەندێکیان بەزەییان پێیدا دێتەوە، هەندێکی دی پێی ڕادەبوێرن. لەنێو شاردا هاوکات کەسانی ئەوتۆی تێدان، کە مرۆڤ هەر بە بینینیان ترس دەیگرێت: "هەر یەکە دە دوانزە چەفتە و مشکی و جامانەی ڕەنگاو ڕەنگیان تێک ئاڵاندووە و بە سەریانەوە بەستوە هەر یەکە بەقەدەر بەرداشێ، چوار ڕیز و پێنج ڕیز فیشەکیان لە خۆیان دابوو، خەنجەر و دەمانچەیان کردبو بە قەدیانا، هەروا خوێن لە ناوچەوانیان ئەباری" (لا 37).

کابرای هەژار سەرەنجام لە ئۆدەیەکی ماڵی حوکمداری ئەو وڵاتەدا دەگیرسێتەوە تاکو حوکمدار لێی بپرسێتەوە. لێ دەسەڵاتداران هێندە هۆشقاڵی ژیانی کەسیی خۆیان و کێشەی سیاسین، کە ئیدی هەژاریان بە تەنیا لەو ئۆدەیەدا لەبیردەچێتەوە. ئۆدەکە چەند پەنجەرەیەکی تێدایە کە دەرفەتی بۆ دەرەخسێنن ببێت بە شایەتی سەرجەم کێشەی سیاسیی ئەو وڵاتە و هاوکات بۆی دەربکەوێت کە دەسەڵاتدارانی ئەوێ چە ئەقڵییەتێکیان هەیە و چەند بەدڕەوشتن.

لە چەند پەنجەرەیەکەوە، کە دەڕواننە سەر ئۆدەی ژنی حوکمدار، کابرای هەژار دەبیستێت، کە چۆن ئەم ژنە تەنیا هۆشقاڵی ڕووی دەرەوەی خۆیەتی، لێ بە پۆشاک و خشڵی خۆی کە مێردەکەی بۆی کڕیون، تێر نابێت، بەڵکو هاوکات سامانی ئەم یان ئەو ژنی دەوڵەمەندی شار داگیر دەکات. ئەوجا هەژار لە چەند پەنجەرەیەکی دیکەی نزمتری بەرانبەرەوە کە دەڕواننە سەر دیوەخانی حوکمدار، دەبینێت و دەبیستێت کە چۆن حوکمدار لەنێو دیوەخانەکەیدا دەسەڵات دەنوێنێت. کەسانی جیاواز کە خۆیان بە نوێنەری گەل دەزانن، پۆل پۆل دێن بۆ لای حوکمدار و لە ڕوانگەی خۆیانەوە پێشنیاری بۆ دەکەن کە چۆن وڵاتەکەیان لە مەینەتی ڕزگاری دەبێت. سەرەتا چەند عولەمایەکی ئایین دێن بۆ دیوەخانی حوکمدار، لێ پێش ئەوەی دەم هەڵبهێننەوە، حوکمدار خۆی هەڵوێستی بۆ ئەوان و پیاوانی دەوری دیاری دەکات:

"من ئەمە چەند ساڵە هەوڵ و تەقەلا ئەدەم، برینداری و حەپسی و رەزالەتم کێشا، ئەنواعی **مصیبت** و مەرامەتم چێشت، دەستم لەسەر و ماڵی خۆم شت، هاتم تێکۆشام وتم بەڵکو ئەم میللەتە بۆ خۆی هەناسەیەکی رەحەتی هەڵکێشێت سەربەست و ئازایانە بۆ خۆمان بژین و دەستی بێگانەمان بەسەرەوە نەبێ، ئێمەیش وەکو ئەم میللەتانەی تر بکەوینە رەحەتی و خۆشی و زیادی و گەورەیی، دەوڵەمەند و سەربەرز بین، دینەکەمان بەرز بێتەوە، چەند جار چووم بەگژ ئینگلیزدا، لەگەڵ تورکدا تێک چووم، تەشەبوسم بە رووسیە و بوڵشەویک کرد، چەند خوێنمان ڕشت، من ئەمانەم هیچیان بۆ خۆم نەکردووە، هەموویانم بۆ ئەم دین و میللەتە کردووە (...). کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ئەحوالانەدا، ئەوەتا هەموومان ئەبینین، بەشێکی زۆر لەم میللەتە لایان داوە لە من و چوون شوێن غەیرەدین کەوتوون، ڕۆیشتوون بۆ وڵاتان خزمەتی فکری ئەوان ئەکەن، هەموو ماڵ و حاڵ و ژنیان بەجێ هێشتووە لێرە و خۆیان لە وڵاتان بەدیار غەیرە دینەوە دانیشتوون و ئێمە واین لەم حاڵ و رەزالەتەدا، عەسکەر و مامور و عولەماکان هەموو احتیاج و بێ ادارە ماونەتەوە، ئاخۆ فتوای شەرعی بۆ ئەمانە چۆنە؟" (لا 51 بەدواوە).

لێ حوکمدار جارێ کێشەیەکی گرنگی دیکەی وەک پرسیار بۆ پیاوانی ئایین پێماوە:

"... وەکو پێم وتن ئێمە ئەمە هەمووی لە ڕێی دینی ئیسلامدا ئەکەین، ئێستا غەیری ئەوانەی کەوا ڕۆیشتوون و لەم لا و لا خزمەتی غەیرە دین ئەکەن، **بعضیك** کەسی تر هەیە لەناو خۆماندا لەوان زیاتر خەریکی مەحوی دینن، بە هەموو نەوعێک بۆ نەمانی ئێمە و ئەم حاڵە (کە هەموو بۆ دینی ئەکەین) هەوڵ ئەدەن و جاسوسی بۆ غەیرە دین ئەکەن و لەجیاتی تەلقینی اهالیەکە هەر خەریکی کفرکردن و گاڵتە بە مشایخ و علمای محترمن. ئەمانە ئەگەر هەروا بمێنن، ئەمینم کە بەرە بەرە ئەم تۆزە دینە کەوا ئێمە هەوڵ بۆ زیادی ئەدەین بە جارێک مەحوی ئەکەنەوە، ئێمەیش و عولەمای میللەتەکەش (جاروبار بۆ قوەتی قسەکانی خۆی وەکو خوێی چێشت ناوی عولەماکانی تێ ئەخست) ئەفەوتێن، ئەم نەوعە **اشخاصە مضرانە** بە ناوی دینەوە فەوتاندیان لەسەر ئێمە واجب و لازمە یان نا؟" (لا 54)

سەرەنجام زانایانی ئایین فەتوا دەدەن بۆ حەڵالکردنی ژن و ماڵی ئەو کەسانە کە بە بڕوای حوکمدار دژی ئایین و وڵاتەکەی وەستانەتەوە یان لە هەندەران بەدیار "غەیرەدینەوە" دانیشتوون، هەروەها بڕیار دەدەن بۆ کوشتنی ئەو کەسانە کە گۆیا لەنێو وڵاتەکەیاندا سیخوڕی بۆ کافرەکان دەکەن. تەنیا هاوکارێکی حوکمدار لەنێو دانیشتوانی دیوەخاندا- کە هەر "وەک ماموری اجرای ئەم فتوا ناحەقانە بێ و هەموو ئۆباڵ و گوناحی ئەمانە لەسەر ئەو بێ" (لا 54) - دەپرسێت، کە داخۆ ئەوانەی وڵاتیان جێهێشتووە، لەوێ بوونایە و بەرگری شەرعییان لە خۆیان بکردایە، هێشتا ئەمان هەر لەسەر فەتواکەیان سوور بوونایە! مەلاکان لە وەڵامدا دەبێژن، کە بەرگری ئەو جۆرە کەسانە شەرعی نیە.

هەژاری دیل لەنێو ئۆدەکەیدا ئاگای لە خۆی نەماوە و ئارامی لێهەڵگیراوە، دەخوازێت هەڵبکوتێتە سەر دانیشتوان و دەست بنێتە بینی مەلاکان و ئەوانی دی، لێ نەخێر ئەمەی پێناکرێت، بەڵکو هانا بۆ خودا دەبات و لە ئەم دەپرسێت، کە "ئەمە چ دڵ و دەروون و وجدانێکە"، ئەمە چە جۆرە پەیڕەوکردنێکی شەریعەتە و چۆن توانییان ئەم بڕیار و فەتوایانە بدەن؟ ئاخر ئەو کەسانە کە هەڵاتوون و خۆیان لە شاڵاو و

چەوساندنەوەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە ڕزگار کردووە، بەو هۆیەوە بەر شاڵاوێکی دیکەی ئەوپەڕی "بێوجدان" دەکەون: مەلاکان فەتوا دەدەن بۆ "حەڵاڵکردن"ی ژن وماڵیان. داماوەکانی بەردەستیشیان، کە نایانەوێت لەگەڵیاندا دەست بدەنە کوشتن و زۆرداری، لەناویان دەبەن، ئەوەش بە ئارەزووی ستەمکارێک، کە بە ئاشکرا لە بەردەم دانیشتواندا "لە سەد هەزار و دوسەد هەزار" دەدوێت، لێرەشدا ئاشکرایە کە ئەم بڕە پارە زۆرەی "لە ماڵی ئەم موسڵمانانە پێکەوە ناوە و ئەم عالەمەی خستۆتە سەر ساجی عەلی، بوە بە باعسی چەند هەزاران مەخلوق ..." (56)

"وتم (ای خالق، ای منتقم ای قهار، ای عالم الغیوب) تۆ چی لەمانە ئەکەیت، ئەمانە لە ڕۆژی خۆیدا چۆن حسابیان ئەبینی (...)؟ (...) تۆ بۆچی هەر ئێستا ئەمانە بەناخی عەردا نابەیتە خوارەوە و حەقی ئەم میللەتە قوڕبەسەرەیان لێ ناسێنی (...)؟

ڕوانیم هیچ شتێک نیە و هیچ پەیدا نەبوو، منیش هەروا وەستام، لە جێگەی خۆم وشک بو بوم، ئەوان هەر قسە ئەکەن، منیش لەبەر خۆمەوە هەر ئەڵێم پەح.. پەح.. پەح ئەمە چی بوو من دیم، من لە کوێم، ئەمە خەوە یان نا؟" (لا 57)

بەدووی مەلاکاندا پەردە دەگۆڕرێت. ئێستا سێ کەسی دی دێن بۆ لای حوکمدار و پێشنیاری بۆ دەکەن، کە پێویستە دەوڵەتەکەیان هاوکاریی تورکان بکات. بە بڕوای ئەمان، دەسەڵاتداریەکەی ئەو وڵاتە تەنیا بەم هاوکارییە فۆرمی دەوڵەت وەردەگرێت. ئاخر تورکان گەورە و خاوەنی گەلەکەیانن، هەروەها هەردوو لایان موسڵمانن و لەبەر ئەم هۆیە گەلی ئەمان لەتەک ئینگلیزدا هەڵناکات، جگە لەوە ئینگلیز فێڵبازە و دوای چەند ساڵێک چیوی سواڵ دەداتە دەستیان.

حوکمدار هیچ لارییەکی لەم پێشنیارە نییە و ڕێیان پێدەدات نوێنەرێک بۆ لای تورکان بنێرن، تاکو موزاکەرە و گفتوگۆیان لەتەکدا بکەن، هاوکات گفتی ئەوەیان لێوەربگرن کە ڕێگە و دامودەزگا بۆ حوکمداریەکەیان دابنێن.

بەدووی ئەماندا سێ کەسی دی دێن بۆ لای حوکمدار و لەوە دەچێت سەربازی و بازرگان بن. بە بڕوای ئەمان باری ژیانی ئەو گەلە گۆڕانی بەسەردا نایەت، گەر ئینگلیز دەستی نەگرێت و پشتیوانیی نەکات. گەلەکەیان لە لایەنی خۆیەوە هیچی بۆ پێکنایەت، چونکە خاوەنی پیشەسازی و بازرگانیی گەشاوە نیە، لێ لە بنەڕتدا هەر ئەم کایە ئابووریانەن کە یارمەتیی گەلەکەیان دەدەن بە ژیانێکی باشتر بگات. بۆیە گەلەکەیان بەبێ پشتیوانی کاری مەیسەر نابێت. گەر هیوایەک هەبێت، ئەوە ئینگلیزە.

حوکمدار هیچ لارییەکی لەم پێشنیارەی ئەمانیش نیە، ڕێیان پێدەدات چەند نوێنەرێک بۆ لای ئینگلیزەکان لە بەغدا بنێرن، تاکو گفتوگۆیان لەتەکدا بکەن.

تاقمی چوارەم کە بەدووی ئەماندا دێنە نێو دیوەخانەوە، جیاوازن لە هەموو ئەوانەی پێشوو. ئەمان تفەنگبەشانن و بەغەڵبە و هەرا خۆیان بە دیوەخانی حوکمداردا دەکەن، ئەوجا ڕایدەگەیەنن کە نە تورک و نە ئینگلیزیان دەوێت، بەڵکو دەیانەوێت تەنیا خۆیان لە وڵاتەکەیاندا سەروەر بن و دەستی غەریبیان بە سەرەوە نەبێت.

حوکمدار هیچ لارییەکی لەم داواکاریەی ئەمانیش نییە و پێی رەزامەندە. لێ ئایا حوکمدار خۆی چیی دەوێت؟ کاتێک دەوری چۆڵ کراوە و بە تەنیا لەنێو دەستوپێوەندەکانی خۆیدا ماوەتەوە، هەڵوێستی خۆی ئاشکرا دەکات:

"ئەم قسانە هەموو بە لامەوە پەشمن و گاڵتەم پێیان دێت، من بۆچی خۆم بۆ ئەم خەڵکە توشی ئەزێت و دەردی سەری بکەم، ئەوی قازانج و خێری خۆمی تیا نەبێ نایکەم، من هەتا پارەیەکی زۆر نەخەمە سەر یەک و لە بابەت ئیشوکاری خۆمەوە دڵم رەحەت نەبێ، ئەمانە هیچیان ناکەم، هەر کەسێک بێت بە هەوەسی خۆی، بۆ قازانج و کاروباری خۆی قسەیەک بکات، بۆچی من شێتم، مناڵم، هەروا شوێنیان بکەوم و بە قسەیان بکەم. ئەگەر لێم بگەرێن هەتا ئیشی خۆم، وەک خۆم ئەیزانم جێبەجێ بکەم، ئەوا باشە، ئەگینا من خۆم ئەزانم چی ئەکەم ..." (لا 71)

هەژاری شایەتی ئەم بەزمە لەنێو ئۆدەکەیدا ورماوە و نازانێت لە کوێیە، کە ئیدی کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا نامێنێت و دەداتە قاقای پێکەنین. لێ چە قاقایەکی پێکەنین! ئەوەش بەسە کە ببێت بە بەڵگەی سیخوڕییەکەی:

"ئیتر دوژمن ئیمانت بێ، هەر ئەوەندەم زانی سەگ و گورگی جەهەننەم، پێنج شەشێ رایان کێشام لە پیلکانەکان بردمیانە خوارەوە بۆ حەوشەکە. شەویش کردبووی بە سایقە (...) سەرمایەکی وایە تف هەڵدەی ئەیبەستێ! رووم کردە عاسمان وتم: خوایە تۆ لەسەر حەقی، ئەمانە بەناحەق وا لە من دەکەن! بەڵام هیچ سوودی نەبوو ..." (لا 73)

## 2

ریالێتییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی شێواو، هاوکات پڕنەسازی، کە چەند بەرژەوەندییەکی جیاواز لە نێویدا دژایەتیی یەکدی دەکەن. لێ نەخشی ئەم ریالێتییە چەک و مشکی و جامانەی پیاوانەن، کە سەروەرانە وەک سیمبۆلی دەسەڵات بەنێو کۆمەڵدا دەشەکێنرێنەوە. چەکدارە چوستەکانی دەوڵەت مرۆڤکوژ و ڕووتێنەرەوە و ساختەچین، لێ ئەم بیچمانە تاکە گەرەنتیی مانەوەی ئەو دەسەڵاتدارییەن، هەر بۆیە حوکمدارەکەیان و سەروەرانی دی دەرفەتیان پێدەدەن خۆیان بە گیرفانی هاوڵاتیان دەوڵەمەند بکەن. هەروەها نوێنەرانی فەرمیی ئایین لە بەشی سەرەوەی هیرارشیەکەدان، ئاسۆی کزی پەیوەندیی نوێ ترساندوونی، بۆیە وەک ئەندامی چالاکی ئەو هیرارشییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ئامادەن رێنوماکانی ئایین بخەنە گەڕ، تاکو ئەو دەسەڵاتدارییە لە مەترسی بپارێزن. لێ ئەم قەوارە سیاسییە تەنیا بە رواڵەت رێکخراوە، لە بنەڕەتدا نارێکخراوێکی درزدارە و هاوکات بەرژەوەندییە جووداکان درزەکانی بەرینتر دەکەن. ئاخر نوێنەرانی ئەو بەرژەوەندییانە هیچ بنەمایەکی بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییان نییە، بەڵکو لاواز و دەستەوستان چاویان لە دەستی بەخشندەی ئەم هێز یان ئەو هێزی بیانییە، تاکو رێکخراوێکی بەرگەگیراویان بۆ بنیاتبنێت. بیانییەکان هەمیشە گەورە و سەروەریان بوون، ئەمانیش خۆیان "ئاقڵن" و ئەم

ڕاستییە لەیادناکەن، بۆیە وەک پچووکیان هانایان بۆ دەبەن. ڕەنگە بزانن کە هێزێکی ئەوتۆیان نیە، چونکە تەنیا ئەو کەس و تاقمانە هێزدارن کە خاوەنی چەکن، چەکدارانیش بەزۆری ئەو بەرپەرانەن کە خۆیان بە غەڵبە و هەرا و شەڕانگێزانە بەنێو ماڵی سادە و کۆشکەکانی وڵاتدا دەکەن. دەسەڵاتداران دەبێت ڕێزی ئەم شەڕانگێزانە بگرن، چونکە نەشیاوە بتوانن بەبێ ئەوان دەسەڵاتیان مسۆگەر بکەن.
سەیر و سەمەرە لێرەدا ئەوەیە، کە نوێنەرانی بەرژەوەندیە جوداکان، واتا بازرگان و ئەفسەرەکان، زانایانی ئایین و چەکدارە بەرپەرەکان، سەرباری جیاوازییان لە ئەقڵیەت و ڕەفتاردا، شادمانن بە بوونی حوکمدارەکەیان و تەنانەت دەسەڵاتی نارەوای ئەویان ناساندووە. لێ ئایا ئەم دەسەڵاتدارە خۆی چیی دەوێت؟ ئەم "کابرا"یە پێش هەموو شتێک "ڕێوییەکی فێڵباز" و چاوبرسییە و تەنیا خەریکی کۆکردنەوەی سامانە، بەڵێ تەنانەت بە مافی خۆی دەزانێت دەست بۆ گیرفانی هاوڵاتییان بەرێت، ئەوجا کێ دژی بەرژەوەندییە خۆییەکانی بووەستێتەوە، ئەوا یەکسەر بە تۆمەتی سیخوڕی لەناوی دەبات. بێگومان ئەم دەسەڵاتدارە شیمانەکانی ڕووتاندنەوە و موڵکداگیرکردنی وەک هەل بۆ نەرەخساون و لە خوارەوە بۆ لوتکەی هیرارشییەکە هەڵزنابێت، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە (هەر بۆیە ئەم پایەگایەی وەرگیراوە) خۆی قەوارەیەکی دەسەڵات بووە، هاوکات هەر لە سەرەتاوە، پێش بوونی بە حوکمداری ئەو وڵاتە، بە لایەوە ئاسایی و ڕەوا بووە کە دەست بۆ گیرفانی خەڵک بەرێت و موڵک و سامانیان داگیر بکات. ئەوجا لە بەشی ژێرەوەی ئەو هیرارشییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەدا هەژارانی لاواز و ڕووتێنراوە خۆیان دەبیننەوە: کەرامەتشکێنراوەکان، بابەتەکانی نوکتە و پێپێکەنین، کە داما و بێتوانا چاوەڕوانی میهرەبانیی خودا دەکەن. ئەمان ژیانێکی پڕمەینەتی و نامرۆڤییانە بەسەر دەبەن، هێزیان بۆ خۆهێشتنەوە تەنیا لە قادیرێکی (ناقادیرەوە) وەردەگرن، لێ ئەم قادیرە پشتی تێکردوون- ئاخر تۆڵەی هەژاران لە حوکمداری زۆردار و دەسەڵاتدارانی دیکەی ئەو وڵاتە ناسەنێت، نەخێر، لەوە دەچێت کە ئەم قادیرە تەنیا خودای دەسەڵاتداران بێت.
ئێمە لەنێو "لە خەوما"ی جەمیل سائیبدا داڕشتنێکی "پەرێنراوەی" هەمەکێتیی کۆمەڵایەتیمان هەیە. چیرۆکەکە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە و ئامرازەکانیان فەزح دەکات. بێدادی و بێویژدانی و بێخودایی، هەڕەشەی داڕزانی یەکجارەکی لەو وڵاتە دەکەن. نووسەر لە خودایەتیی ئەزەلییەوە، هاوکات خۆگرێداو بە بنەما مۆرالیەکانی ئەم خودایەتییەوە، چیرۆکێکی هونەریی دەنووسێت کە لە نێویدا بێدادی و بێویژدانیی دەسەڵاتداران لە لایەک، داماوی و بێچارەیی هەژاران لە لایەکی دی، خۆیان دەبیننەوە. کەواتە مەبەستی جەمیل سائیب دیلێمای ئەو کۆمەڵە، یان ڕاستتر ببێژین، دیلێمای نوێنەرانی ئەو کۆمەڵە نییە کە لە لاوازییانەوە ناچارن بڕیارێک بۆ هێزە سەروەرە بیانییەکان بدەن، بەڵکو مەبەستی نووسەر لە کرۆکەوە ژێرکەوتنی داد و ماف و ویژدانە.
جەمیل سائیب بۆ داڕشتنی چیرۆکی "لە خەوما" من-فۆرم-ی هەڵبژاردووە. نووسەر بە ڕستەی "خوا بە خێری بگێڕێ" خوێنەر دەگرێت، هەر وەک بڵێین لای خۆی دایدەنێت و خەونەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم شێوە ئەدەبییە، کە جەمیل سائیب بۆ داڕشتنی "لە خەوما" بەکاریهێناوە، بریتییە لە "حیکایەتخوانی" کە لە ترادیسیۆنی ئەدەبیی وەرگرتووە و هاوکات لە شێوە خۆییەکەیدا، وەک ئەدەبێکی نوێ، لە ترادیسیۆنی

دوورخستۆتەوە. چۆن حیکایەتخوان لەنێو دانیشتوانێکدا حیکایەتێک دەگێڕێتەوە و بە "هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو" سەرەتا دەگرێت، بە هەمان شێوە جەمیل سائیب بە ڕستەی "خوا بە خێری بگێڕێ" دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەکات. لێ ئەوە چیرۆکێکی ئەفرێنراوی خۆییە کە ئەو دەیگێڕێتەوە، چونکە نووسەر، سەرەڕای بەکارهێنانی شێوەی حیکایەتخوانی، ڕاستەوخۆ "من"ی دەردەبڕێت، واتا بیری لەوە نەکردۆتەوە کە بۆ نموونە حیکایەتێکی هاوشێوەی "خورشید و خاوەر" بگێڕێتەوە و هەوڵ بدات بە دانانی پەندی جیاواز هۆشی خوێنەر بۆ هزرین ببزوێنێت.

دوورخستنەوەی هونەریانەی "لە خەوما" لە ترادیسیۆن بەوەدا ڕووندەبێتەوە، کە حیکایەتخوانی بریتییە لە ئێپیک (ملحمە) و دەشێت چەند دە ساڵێک لە ڕەوتی دوو یان سێ سەئاتی گێڕانەوەدا ڕەت ببن، لێ "لە خەوما" فۆرمێکی کاتداری داخراوی هەیە و جەمیل سائیب کاتەکەی زۆر گونجاو دیاری کردووە: ڕۆژێک و شەوێک ڕێبڕینی کاروان بەبێ هیچ چەڵەمەیەک هەتا سەر سنووری وڵاتی مەبەست، ئەمەش بە داڕشتنێکی کورت؛ ئەوجا لەسەر سنوورەوە ڕۆژێک ڕێگەبڕینی پڕمەترسی، هەتا کاروان لە تاریکیی ئێوارەدا بە کەنار شاری مەبەست دەگات؛ چیرۆکەکە لێرەوە بەرەو هەڵچوونی پتر دەڕوات؛ دوای شەوێک مەترسیەکانی کابرای هەژار پتر پەرەدەسێنن؛ ئەم بەشە کەمێک لە قۆناغی ڕێبڕینەکە درێژترە؛ ئەوجا کێشەکە ڕۆژی داهاتوو لە ماوەیەکی کەمتردا لە شەوێک ئاڵۆزتر دەبێتەوە، چیرۆکەکە بەرەو هەڵچوونی پتر دەڕوات و هەژار لە ماڵی حوکمدار دیل دەکرێت؛ ئەم بەشە درێژترین بەشە و هەر لێرەش خەونەکە، واتا چیرۆکەکە بە دوا هەڵچوونی باری هەژاری دیلکراو و ئەشکەنجەدانی، کۆتایی دێت. بە هەر حاڵ، چیرۆکی "لە خەوما" ستروکتوری زیندەخەوی پێدراوە. بۆیە ئەم جۆرە چیرۆکە لە بەراورد بە شێوازەکانی بەدیهێنانی ئەدەبیی ئەو سەردەمە نوێیە، واتا: سوودی خۆیی لە فۆرمە ئەدەبییەکانی ترادیسیۆن و وەرگۆڕینیان لە بەرهەمێکی نوێدا.

پرسیارێک پەیوەند بەم چیرۆکەوە ئەوەیە کە بۆچی جەمیل سائیب "خەون"ێکی وەک داڕشتنی چیرۆکەکەی هەڵبژاردووە؟ سەرەتا ئەوە ئاشکرایە کە جەمیل سائیب هێندە ڕۆشن ڕەفتاری حوکمدار و دەستوپێوەندە سادیستەکانی ئەوی داڕشتووە، کە ئیدی ناتوانین ببێژین، گۆیا ئەو ویستوویەتی بە گێڕانەوەی خەونێک مەبەستی خۆی بشارێتەوە. ئەمە بە ڕاستی وەڵامێکی ئەبزوردە، چونکە چیرۆکنووس زۆر ڕۆشن هەڵوێستی خۆی دیاری کردووە، ئەو ڕۆشنییەش تەنانەت زۆر خوێنەری بۆ حوکمێکی یەکلایەنی بردووە، کە گۆیا هەڵدانەوەی چییەتیی شێخ مەحمودی ئوزورپاتۆر (موڵکداگیرکەر) مەبەستی ئەو بووە. ئێمە گەرەکە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە سەرلەنوێ لە مۆتیڤی جەمیل سائیب بڕوانینەوە. وەک لە سەرەوە گۆتمان، مۆتیڤی ئەو لە نووسینی ئەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە تەنینەوەی بێدادی و بێویژدانی لە ژینگەی خۆیدا دەربخات، ئەمەشی خستۆتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە. لەم ڕوانگەیەوە ئاشکرایە، کە لەبەر ئەوەی تەنیا خەون سەرجەم سنووری کات و فەزای جیهانی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوا دیلکردنی کابرای هەژار لە ئۆدەیەکی ماڵی حوکمداردا هیچ پرسیارێکی لۆگیکی سەبارەت بەوە ناهێنێت کە بۆچی جەمیل سائیب کابرای هەژار لەو جێیە دەگیرسێنێتەوە. ئاخر ئاشکرایە گەر وڵاتێک پاسەوانی سنوور و چەکدار و مەئموری هەبێت، ئەوجا حوکمدارێک لە لوتکەی قەوارە سیاسییەکەیدا خۆی ببینێتەوە، ئەوا بە سانایی دەشێت

گریمانەی ئەوەش بکرێت کە لەو وڵاتەدا، یان لە پایتەختی ئەو وڵاتەدا لایەنی کەم گرتووخانەیەک هەیە و چەکدارەکانیش دەبێت هەژاری دیلکراو بۆ ئەوێ بەرن. لێ بە گیرساندنەوەی کابرای هەژار لەو ئۆدە پەنجەرە دارەی ماڵی حوکمدار دەرفەت دەڕەخسێت کە ئەو لەوێوە نەک تەنیا گوێی لە ئاخافتنەکانی دەسەڵاتداران بێت، بەڵکو تەنانەت دەتوانێت لە پەنجەرەکانییەوە بییان بینێت. ئەمە چاکترین ڕێیە بۆ فەزحکردنی حوکمدار و نوێنەرانی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانە کە خۆیان بە نوێنەری گەل دەزانن.

لێ ئەمە واتایەکی ئەوتۆ ناگەیەنێت، کە جەمیل سائیب لە چیرۆکە هونەرییەکەیدا یەکلایەنییە، وەک چۆن هەندێک قەدیمی لە ئەقڵییەتی کوردیی پینەکەری مێژووەوە دەبێژن، کە گۆیا ئەو کینی لە حوکمدارییەکەی شێخ مەحمودی موڵکداگیرکەر هەڵگرتووە. لە بنەڕەتدا جیهانی سیاسی لە ڕوانگەی هەموو نووسەرێکی یان هونەرمەندێکی ،،ڕاستەقینە،،وە تەنیا جیهانی بەرژەوەندییە، جیهانی ماچ و پاشقولە، واتا ئەو جیهانەیە کە نەشیاوە هیچ نووسەرێکی یان هونەرمەندێکی مەزن بتوانێت بۆ سەندنی ڕەزامەندیی دەرەکی بیڕازێنێتەوە. ڕازاندنەوەی پیوەندییەکانی دەسەڵات، ستایشکردنی زۆرداران وەک پاڵەوانی گەل، کردنی زۆردارە مردووەکانی ڕابوردوو بە نەمر، لە بنەڕەتدا کاری نووسەرانی ئاستنزمە کە گەر بەرهەمی بەو چەشنەیان تەنانەت لە ڕووی ئەدەبییەوە سەرکەوتوو بێت، سەرەڕای ئەوە تەنیا شایانی ئەوە دەبێت ناوی ئەدەبی نزمی لێ بنرێت. نووسەرێکی مەزنی وەک جەمیل سائیب نەشیاوە بتوانێت پەیوەندییە سیاسییەکان بڕازێنێتەوە، بۆ نموونە هەڵوێستێک "بۆ خاتری گەلەکەی" (!) وەربگرێت "تاکو بێگانە بەو گەلەی خۆش نەکات" (!!)، ئەوجا زۆرداران و موڵکداگیرکەران بکات بە پاڵەوانی گەل، بەمەش کیچێکی (Kitsch) سادەی سەر بە ئەدەبی نزم بهێنێتە ئاراوە، واتا پەخشانیانە هەستی هەڵئاوساو بهۆنێتەوە و زۆرداران بکات بە "نەمر"! نەخێر، کینی پسیکۆلۆژیانە جەمیل سائیبی نەتەنیوە، بەڵکو ئەو لە وڵاتێکی تەنراودا بە بێدادی و بێویژدانی، خوازیاری داد و ویژدانە. ئەو لە داڕشتنی چیرۆکەکەیدا هێمن و ئارامە و ڕاستەوخۆ بەدووی ڕستەی "خوا بەخێری بگێڕێ"دا سەرەتای چیرۆکەکەی دەدات، لێ بەبێ هەڵچوون و داچوونی پسیکۆلۆژییانە (ئەو ڕەوشانەی لێدەربچێت کە نووسەری هۆش لە جیهان دابڕاو هانا بۆ ئاسمان دەبات) و هەروەها بەبێ وشەسازیی پلاستیکی. هۆشی بابەت فۆرمێنەر و زمانی ڕیالی ڕۆژانە "ی ئەو سەردەمە" بە شێوەیەک یەکدییان تەنیوە کە ئیدی نزیکەی نەشیاوە لە یەکدی جیابکرێنەوە.

لێ جەمال بابان کە بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی "لە خەوما" کارێکی مەزنی ئەنجامداوە، خۆی لە کارکردنی ئەدەبی هەڵقورتاندووە و دەبێژێت: خەونبین دەبووایە لە خەونەکەی بێدار ببوایەتەوە! ئەم جۆرە هەڵوێست وەرگرتنە زۆر جێی سەرنجە. پرسیارێکی کرۆکی لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە، کە ئایا ڕاڤەکارێک یان تەنانەت ڕەخنەگرێکی ئەدەبی چ هەقێکی بەسەر ئەفراندنی ئەدەبیی نووسەرێکەوە هەیە؟ ئایا چۆن ڕاڤەکارێک یان ڕەخنەگرێک دەوێرێت بە نووسەرێک یان هونەرمەندێک ببێژێت، کە گەرەکە ئەم یان ئەو ڕێیە بگرێتە بەر و ئەم یان ئەو ئەنجام بخاتەوە؟ ئەمە لە بنەڕەتدا خۆهەڵقورتاندنێکی زۆر نابەجێیە لە کارکردنی ئەدەبی و هونەری. لە بنەڕەتدا ڕەفتارێکی یاساغە. بێگومان ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینین، کە کەسان هەن و بۆ نموونە هونەردۆست نین، کەچی دەچن بۆ پێشانگە، ئەوجا ڕوودەدات کە لەوێ دەبن بە مایەی سەغڵەتی بۆ

هونەرمەندەکە: "ئەرێ کاکە ئەو هەموو ڕەنگە مۆرەت بۆ بەکارهێناوە؟"؛ یان ڕوودەدات کە مرۆڤ نە خوێنەرە و نە لە ناخییەوە بزواوە بۆ کۆششی خۆپێگەیاندن، کە ئیدی بتوانێت پەیوەندییەکی ڕەخنەیی لەتەک کایەی نووسینی هزری و ئەدەبیدا بهێنێتە گۆڕێ، بە کورتی، مرۆڤی بەم چەشنە کە گەر تەنانەت بڕوانامەدار بێت، هێشتا هەر کەسێکی سادەی کۆمەڵایەتییە، کەچی لە خۆیەوە لەسەر نووسین یان تەنانەت فەلسەفە دێتە گۆ! گومانی تێدا نییە کە پێویستە ئەم جۆرە سنووربڕینە خۆییانە لە ڕوانگەی ئێستێتیکی و ئەدەبناسی و هونەرناسییەوە وەڵامبدرێنەوە. جگە لەوە ئەم جۆرە سنووربڕینانە لە بنەڕەتدا کێشەی لایەنەکانی وەرگرتنی ئەدەب و هونەرن، وەرگرتنیش ئەخلاقێکی تایبەت ی وەرگر (لێڕوانەر، خوێنەر) پێویست دەکات کە مۆرکە کرۆکییەکەی ئاگاییەکی ڕەخنەیی نێویەکییانەی وەرگرانە بەرانبەر لایەنی ئەفراندنی ئەدەبی و هونەری وەک لایەنی بەرهەمهێنان، ئەوەش بەبێ بەدئاکاری خۆهەڵقورتاندن لە پرۆسەی بەرهەمهێنان. لێ مەسەلەکە بەڕاستی ستەم دەبێت، گەر ئەو جۆرە ئەقڵیەتە ناوبراوەی سەرەوە بە چالاکی لە بواری توێژینەوە، ڕاڤەکردن یان ڕەخنەی ئەدەب و هونەردا دیاربدات. لەم جۆرە هەڵوێستەدا بەڕاستی کەمایەسیی ئێستێتیکی و مەئریفەی ئەدەبی و هونەریی کەسەکە دەردەکەون. جگە لەوە گەر نووسراوێک ئەدەب نەبوو، ئەوا هەرگیز نابێت بە ئۆبژێکتی ڕاڤەکردن یان ڕەخنەلێگرتن. ئاخر ڕەخنە لە نائەدەب ناگیرێت! تەنیا ئەدەب، وەک نووسینی هونەرییانە بەدیهاتوو، بەڕێی فۆرمی خۆیەوە دەئاخڤێت. بەمەش یەخەی خوێنەر / توێژەر دەگرێت و ئادۆرنۆ واتەنی داوای لێ دەکات مەتەڵەکەی نێوی هەڵبهێنێت! جەمال بابان دەیەوێت بەو دەربڕینە ببێژێت کە چیرۆکی "لە خەوما" تەواو نەبووە! ئێمە ناڕاستیی ئەم جۆرە تێڕوانینەمان لەسەرەوە بە دەرخستنی فۆرمە کاتدارە داخراوەکەی "لە خەوما" پێشاندا و بۆیە ڕووی تێناکەینەوە.

جەمال بابان هاوکات پێناسەیەکی ئەورووپیانەی بۆ "لە خەوما" وەرگرتووە. ئەو دەبێژێت، گۆیا ئەم چیرۆکە سەر بە ڕیالیزمی ڕەخنەییە. لەم پەیوەندییەدا بەراوردێک بە ئیحسان فوئاد، کە "مەسەلەی ویژدان"ی ئەحمەد موختار جافی بڵاوکردۆتەوە، پتر نزیکمان دەخاتە لە شێوەی پەیوەندیی قەدیمییەکان بە ئەدەب و هونەرەوە، چونکە ئەو بەڕێزەش هەمان پێناسەی بۆ "مەسەلەی ویژدان" بەکارهێناوە. ئێمە لێرەوە دەگەین بەو تێڕوانینە، کە ئەو جۆرە خواستنەی ڕێبازە ئەدەبییە ئەورووپییەکان بە گشتی هەڵوێستێکی هۆشەکییە لەنێو قەدیمییەکاندا، جگە لەوە نەشیاو نییە کە لەژێر کاریگەریی ئەو مارکسییەتە هەڕەمەکییەدا (نەک هزری مارکس!) نەهاتبێتە ئاراوە کە لە ئێراق باو بوو. بە هەر حاڵ، ساغکردنەوەی کێشەیەکی بەم چەشنە بابەتی ئەم نووسینە نییە، بەڵکو هینی کەسێکە کە لەبارەی مێژووی ئەدەب و هونەر دەنووسێت. لێرەدا ئەوەندە دەبێژین، کە دەبێت جیهانبینیی نووسەر یان هونەرمەند بۆ هەر پێناسەیەکی ئەدەبەکەی یان هونەرەکەی ڕەچاو بکرێت. جەمیل سائیب لە داڕشتنی چیرۆکە هونەرییەکەیدا لە هێزێکی خاوێنی ئەزەلی و بنەما مۆرالییەکانی ئەو هێزەوە سەرچاوەی گرتووە. ئارامیی مێتافیزیکی و نائارامیی جیهانی مێژوویی، جیهانی هزری جەمیل سائیبن، ژێرکەوتنی چاکە و سەروەریی خراپە کێشەی ئەون، بۆ ئەم پرسەش گەرەکە بیر لە تێگەیەکی گونجاو بە هزری ئەو بکرێتەوە. لە بنەڕەتدا گەرەکە جەمیل سائیب بخرێتەوە نێو

تradیسیۆنە ئەدەبییەکەی مەلای جزیری و خانی و هاوشێوەیان، ئەوجا گەرەکە بۆ ئەم ترادیسیۆنە ئەدەبییە ناوێکی تایبەتیی کوردیی پابەند بە جیهانبینیی هۆزانڤان و نووسەرەکانەوە "هەڵبهێنجرێت"، نەک لاساییکەرەوانە تیگەی "کلاسیک"ی ئەوروپیانەی بۆ بخوازرێت و بەزۆر بەسەر نووسینە ئەدەبییەکانی ئەو ترادیسیۆنەدا بسەپێنرێت.

<u>سەرچاوە:</u>

جەمیل سائیب. لەخەوما. پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان. بەغدا، ساڵی 1975.

**<u>تێبینی</u>**

- ئەم نووسینە یەکێکە لە بابەتەکانی نووسەر لە کتێبی "لەتەک فێنۆمێنە ئەدەبییەکاندا"، بیر و هوشیاری، سلێمانی 2006. نووسینەکە لەم شێوەیەی بەردەستدا کاری تێداکراوەتەوە و سەرلەبەر گۆڕراوە.
- هەروەها بڵاوکراوەتەوە لە: سایتی "کوردستانپۆست"، لە 20.10.2018، سایتی "دەنگەکان"، لە 26.10.2018
- وەک ئەمانەتی ئەدەبی سیتاتەکان (ئیقتیباسەکان) وەک خۆیان دراونەتەوە.

ک.ج.